# بزمارێك بڕۆمە پێشەوە..
# سەد دیوار ئەقرتێم



**نیدریس عەلی**

دەرگایەك..  بەردەبمەوە
عەترێك.. لوتمەپژێ
ئەڵقەیەك.. بیر دەكەمەوە
شەهیدێك.. عەینەكەكەم دەشكێ
دوو كۆڵان.. كاتژمێرەكەم لەدوایە
چوار پێنج پیاو.. دانیشتووم
سەد دۆلار.. بێدەنگم
دوو ئەی فۆڕ.. خەوم دێ
پێنج لیتر.. تینومە
یەك درهەم.. حەوسەڵەم نەماوە.
كوللەیەك.. بەرز  دەبمەوە

كەسێك.. بێزارم لەم جادە
كورسیەك.. لەناوەڕاستی خەیاڵام
رستەیەك.. حەز دەكەم ببمە شاعیر،
كتێبێك.. بەناو گڕا دێم
سۆڵۆیەك.. دەوەستم
كزەیەك.. گوێم لێیە چیدەڵێم
تەزوویەك.. ئەمەتام ناشرین
چپەیەك.. نامناسیتەوە؟
یەك دنیا راستدەكەیت
چل مەتر  گۆڕاوم..!
تاڤگەیەك.. شێواوم
شووشەیەك.. بێئیش و بێكارم
وێنەیەك.. تەڵخەبێ خەیاڵم
كلیكێ لەسەر ئەم لێوانە
ماچێكی كچەكەم پێدەكەم،
سیگارێ.. نیگەرانم
چرایەك.. زۆر تەنیام
پۆلیسێك
گیرفانم پڕیەتی لە وسبە
تفەنگێ.. بەم شەوە تاریكە چیبكەم؟
گۆچانێ..  ئەم دەرگا نارنجیە
دەخەمە سەرپشت و
رەشەبا لەحەوشە
هیلاكم رائەكشێم،
دارشەقێك.. رێدەكەم
سەری مانگ.. گەرمامە
سپەیسێك.. جۆلانە
لەنێوان هەردووكمان دێ و دەچێ،
ست باران لەباخچە دامەكە
بیرت چوو
نزگەرە داویەتی لە دڵم؟
بغوردێك.. لە نزیك ئەم گۆڕە غەمگینە لائەدەم
لەسەر چۆك هەڵماتێك رێدەكەم،
نەمامێك.. قنج و قیت
بە چیتا دەڕوانم؟
خۆت بیڵێ
وەكو ئاو ساف و لووس
لەكوێتا دەوەستم؟
سەری ساڵ.. سێ چارەك دەپەژمم
مناڵێك.. پێكەنین دامدەگرێ
كۆترێك.. لەسەر لا سەرمەخورێ
وەكو سێو..لەبەردەم روانینتا شەرمەكەم
وەكو كچ ..چەند حەزم لە قاپێ  شۆربایە؟
هەورێ دێ و .. گرژ دەبم
وەكو پاچ.. بە قوڵی رۆدەچم و
بە جدی هیچ ناڵێم.
دیوارێك دەنووسم:
بێدەنگبن كوڕینە ئەوا هات
مەیكەنە هەرا كچینە ئەوا رۆشت.
بەرد بە بەردیی خۆی دەزانێ
ئاورشێنكردنی باخ
خۆشترە لەچوونە سەر مانگ،
هەفتەیەك سەرقاڵی بارانم
مێشكوژێك.. خۆم دوا دەخەم
یەك ساڵە دەزانم
مێشكم قوڕاوی ترە لە پێڵاوەكانم..
باوەشێنێك.. پەلە ناكەم
ئەزانم
سەد دۆنم ئەمەم بەخۆم وتووە:
بزمارێك بڕۆمە پێشەوە
سەد دیوار ئەقرتێم.

ئابی ٢٠١١

# گوناهەكانی جەستە

**هیوا سێونگی**

ئەم ئازارە جیامان ناكاتەوە لەخەڵكی
ئەبێت ئازاری دی بچێژین،
پێویستمان بەجەستەیەكی ترە بۆ ئازار،
ئێمە جەستەمان بەم ئازارانە ڕاهاتوون،
لەچەشتنی ئەم ئازارانە خۆشی ئەبینین،
لەگەڵ جەستەمان بونە هاوڕێ
ئەوان ئاشنان بەیەكدی،
پێویستە جەستەیەكی دیكەمان هەبێت،
ئەبێت جەستەیەكی دی پەروەردەكەین،
ئەبێت جەستەمان بەئازارەكان نامۆكەین
ئەبێت بەدووی ئازارێكی دیدا بگەڕێین
كە جودابێت لە جەستەمان،
لەگەڵ ئەم ئازارانەدا
خۆمان بۆ جیاناكرێتەوە،
جارهەیە ئازار لەگەڵمان دێتەوە و
جارهەیە ئێمە ئەچینەوە،
ئەچینەوە و لەوێش هەمان ئازارهەیە
ئێمە جەستەمان
لەگەڵ ئەم ئازارانەدا ڕاهاتووە،
ئەبێت جەستەیەكی دیمان هەبێت
ئەبێت گوناهـ بكەین گوناهـ
گوناهـ جەستەمان لەناوئەبات
ئەبێت گوناهـ بكەین
تاجەستەیەكی دی پەیداكەین،
ئەبێت تێربین لەگوناهـ
تێربین لە جەستەبەخشین
ئەبێت جەستەمان پێنەمێنێت
ئەبێت جەستەیەكی
دیمان هەبێت بۆ ئازار
ئەبێت ئازار بچێژین
پڕبین
لە ئازار
پڕبین..




ئەو بابەتانەی بۆ «پەیک»ی
دەنێرن، هەوڵبدەن
لە ٧٠٠ وشە تێنەپەڕێت.

سەرنووسەر
مەم بورهان قانع

سكرتێری نووسین
هیوا جەمال

سەرپەرشتیار
توانا ئەمین
twanaamin2@yahoo.com

لێپرسراوی هونەریی
شاخەوان ئەنوەر